نەتەنیاهە پلانی خۆی بە "کۆنترۆڵکردنی غەززە" کۆتایهێنان بەشێوە ئاشکرا دەکات

بنیامین نەتەنیاهە سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل ئەمڕۆ پێنجشەممە، پلانی خۆی بە کۆتاییهێنان بە شەڕی غەززە لادا و رایگەیاند، ئەو پلانە لەسەر پێنج بنەما دامەزراوە.

بنیامین نەتەنیاهە لەپەیامێکدا رایگەیاند، "هەفتەیەك لەمەوبەر لەگەڵ حکومەت کۆبومەوە، پێنج بنەمامان بە کۆتاییهێنان بە شەڕەکە دیاریکرد، چەکداماڵینی حەماس، گەڕاندنەوەی هەمو بارمتەکان بە زیندوی و مردو، چەکداماڵین لە کەرتی غەززە تەنیا بە مانای داماڵینی چەك لە حەماس نییە، بەڵکو دنیا بون لەوەی چەك لە کەرتی غەززە دروست نەکرێت یان بە قاچاخ نەبرێتە غەززەوە".

سەبارەت بە حکومەتی جێگرەوە، نەتەنیاهە وتی، "حکومەتێکی مەدەنی بەدیل، نە حەماس و نە دەسەڵاتی فەڵەستین لەخۆدەگرێت کەسانێك کە منداڵەکانیان پەروەردە ناکەن بە ئەوەی تیرۆریست بن، پارەی تیرۆر نادەن، هەروەها تیرۆریست نانێرن".

باسی لەوەشکردوە، "ئەم پێنج بنەمایە گەرەنتی ئاسایشی ئیسرائیل دەکەن، ئەمە مانای وشەی سەرکەوتنە، ئەمەیە ئەو هەنگاوەیە کە ئێمە کار بۆ دەکەین و پێمانباشە بۆ هەموان لێی تێبگەن".

پێشتریش ژۆژی پێنجشەممە، دو بەرپرسی ئیسرائیلی بە ئاژانسی ڕێیتەرزیان ڕاگەیاندبو، دەیڤید بارنیا سەرۆکی مۆساد سەردانی قەتەری کردوە بۆ دەستپێکردنەوەی دانوستانەکانی ئاگربەست لە کەرتی غەززە.